سودانی کوژرانی تیرۆرست عەبدوڵا مەکی کە وەك والی سوریا و عێراق بوو ڕاگەیاند

سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، بەدەستی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق بە پشتیوانی و هەماهەنگی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و هێزەکانی هاوپەیمانی نوودووتی، تیرۆرست عەبدوڵا مەکی کە وەك والی سوریا و عێراق بوو کوژرا.

ئەمڕۆ هەینی ١٤ی ئازاری ٢٠٢٥، محەممەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، عێراقییەکان بەردەوامن لە سەرکوتنە سەرسوڕهێنەرەکانیان بەسەر هێزەکانی تیرۆردا، هێزەکانمان توانیان تیرۆریست عەبدوڵا مەکی بکوژن، کە بە (ئەبوو خەدیجە) ناسراو بوو.

ئەوەشی خستەڕوو، ئەو کەسە پەستی بەناو (جەگری خەلیفە کە بە والی عێراق و سوریا و بەرپرسی لیژنەی ڕاسپاردراو و بەرپرسی نوسینگەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوە ناسراوە) هەیە، بە یەکەک لە تیرۆریستە مەترسیدارەکانی عێراق و جیهان دادەنرێت.

وتیشی، پیرۆزبایی ئەم دەستکەوتە ئەمنییە گرنگە لە عێراق و عێراقییەکان و هەموو گەلانی ئاشتیخواز دەکەم.